# راستگۆیی سەرۆکی پەرلەمان لەنێوان راپۆرتەکانی ئینستتیوتی پەی و وتەکانی خۆیدا

(ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان) ماوەی نۆ ساڵە پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەدەبات، لەو چوارچێوەیەدا تا ئێستا وێرای چەندان کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و دیدار، دەیان یاداشت و (٢٢) راپۆرتیشمان لەم بوارەدا بلاوکردۆتەوە، هەمیشە پیشەیی کارمان کردووەو بێلایەنی خۆمان پاراستووەو هەرگیز رێگەمان نەداوە کاریگەری هیچ لایەن و فراکسیۆن و کەسێك بەسەر کارەکانمانەوە بێت و لە چوارچێوەی یاسادا هەڵسوکەوتمان کردووە و پێوەری نوسینەوەی راپۆرتەکانمان لەبەرچاوگرتنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بوونە کە لەهەمبەر هەڵسەنگاندنی کاری پەرلەمانیدا پەیڕەوکراون.

بەلام کاردانەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە پرۆژەکە ئاسودە نەبوون و بەتایبەت لە خولی پێنجەمدا پێی خۆشحاڵ نەبوون، نەك هاوکار نەبوونە بەڵکو هەمیشە لەمپەریان دروستکردووە و رێگرییان کردووە. هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگێڕینەوە کە پێیان خۆش نەبووە هیچ چاودێرێکیان بەسەرەوە بێت. ئەم هەڵسوکەوتەش خۆی لە پێشێلکردنی ئەو یاساو بڕیارانەدا دەبینێتەوە کە خودی پەرلەمان خۆی دەریکردوون کەچی هەر خۆی پێشێلی دەکات. دوا دانپێدانانی سەرۆکی پەرلەمان لەم بارەیەوە ئەوەبوو لە دیدارێکیدا لەگەل رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە شاری سلێمانی رۆژی ٢٠٢٢/٩/٣ لەبەردەم سەرجەم میدیاکاندا بە راشکاوانە رایگەیاند کە رێگری لە ئینستتیوتی پەی کردووەو دەیکات و رێگە بەو رێکخراوە نادات بچێتە ناو پەرلەمانەوەو پرۆژەکەی ئەنجام بدات، بەبێ ئەوەی هۆکارەکەیشی دەستنیشان بکات.

**ئینستتیوتی پەی ئامانجی لە پرۆژەی چاودێریکردنی پەرلەماندا چیە؟**

ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی ئەنجامدەدرێت، یەکێك لە ئامانجەکانی کارکردنە بۆ دروستکردنی شەفافیەت لە کاری پەرلەمانی و گەیاندنی زانیاری بەڕای گشتی، لەپاڵ ئەم ئامانجە، دروستکردنی فشار لەسەر پارتە سیاسییەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، یەکێکی ترە لەو ئامانجانەی کە پەی بەهاوکاری هاوبەشەکانی لە کۆمەڵی مەدەنی کاری بۆ دەکات بە ئامانجی کار و فشاری زیاتر لە پێناو پەرلەمانێکی بەهێز.

بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەڵبژاردنی پەرلەمان و پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمان لە هەرێم "باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییە، ئەو دەسەڵاتانە پیادە دەکات کە لە پەیڕەو یاسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێدراوە". بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، رۆژ لەدوای رۆژ پەرلەمان وەك دامەزراوەیەك رۆڵی پشتگوێ دەخرێت، یاساکانی جێبەجێ ناکرێت و گوێ لە بڕیارەکانی ناگیرێت، لەبەرامبەردا پەرلەمان دەنگ و رەنگی نیەو بەدواداچوون ناکات، بۆیە ئێمە لە ئینستتیوتی پەی، هەموو هەوڵێك دەخەینە گەڕ لە پێناو هاتنە کایەی پەرلەمانێك کە بتوانێت یاسای باش دابڕێژێت و چاودێرێکی بەهێز بێت لەسەر دامەزراوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن. پەرلەمانێك کە بتوانێت رۆڵی خۆی بگێڕێت لەدیموکراتیزەکردنی بنەماکانی دیموکراسی و بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵدا.

**سەرۆکی پەرلەمان بۆچی رێگری لە ئینستتیوتی پەی دەکات؟**

وێرای ئەوەی ستافی پەی بەئامانجی بەڕێوەچوونی پرۆژەکە بە شێوازێکی تەندروست، لەگەل سەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەتەوەو گفتوگۆی بابەتەکەیان کردووەو هەموو هاوکارییەکی خۆیان بۆ پاڵپشتی پەرلەمان (وەك دامەزراوە) دەربڕیوەو درێغیشیان نەکردووە، چەندان یادداشتیان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی کردووە، بەلام لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی و بەتایبەت سەرۆکی پەرلەمانەوە رێگری لە کارەکانیان کراوە. هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرۆکی پەرلەمان قبوڵی ئەوەی نیە رێکخراوێك چاودێر بێت بەسەریەوە، چونکە لەراپۆرتەکانماندا سەرجەم ئەو پێشێلکاریانەمان خستۆتەڕوو کە سەرۆکی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی کردوویانە، باسی ئەوەمان کردووە کە پەرلەمان بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە.

**سەرۆکی پەرلەمان یاسای پێشێل کردووە:**

پەرلەمان بەگشتی و سەرۆکەکەی بەتایبەت دەبێت لەهەموو لایەن و دامەزراوەو کەسێك زیاتر پەیوەستبن بە جێبەجێکردنی یاساوە، بەلام بەپێچەوانەوە زۆرترین یاسایان پێشێلکردووە، کە ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەکن:

١-یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.
٢- یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١) ی یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان،.
٣-یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣) ی یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان،.
٤-یاسای ژمارە (٢) ساڵی (٢٠٠٨) ی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی.
٥-یاسای ژمارە (٤) ساڵی (٢٠١٠) ی یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
٦-یاسای ژمارە (٣) ساڵی (٢٠١١) ی دەستەی دەستپاکی، و یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٤)ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەسپاکیی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١.
٧-یاسای ژمارە (٤) ساڵی (٢٠١٤) ی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.
٨-بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٣) ی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە (پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان).

**سەرۆکی پەرلەمان پەیرەوی پێشێل کردووە:**

بەدرێژایی دەسەڵاتی لەم خولەدا سەرۆکی پەرلەمان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی پێشێل کردووە، بۆ نمونە: گوێی بەداواکاری ئەندامان نەداوە، یادداشتی لێپرسینەوەی وەزیرەکانی نەخستۆتە بەرنامەی کارەوەو هیچ وەزیرێك لێپێچینەوەی لەگەلدا نەکراوە، بەپێی پەیرەو دانیشتنەکانی ئەنجام نەداوە، وەك پێویست رێگەی بە هەندێك پەرلەمانتار نەداوە لە دانیشتنەکاندا قسەی خۆیان بکەن، لێپێچینەوە لە هیچ ئەندامێك نەکراوە لەکاتی ئامادەنەبوون و ئەنجامنەدانی ئەرکاکانیاندا.

**سەرۆکی پەرلەمان رێز لە دامەزراوەی پەرلەمان ناگرێت:**

سەرۆکی پەرلەمان رێزی لە دامەزراوەکەی نەگرت، ئەوەی بەرێزیان کردیان هیچ کام لە سەرۆکەکانی پێشووتری پەرلەمان نەیانکردووە، بۆ نمونە:

-پێویست بوو بەپێی پەیرەو و یاسا پەرلەمان حکومەت بانگهێشت بکات، کەچی لە دەستپێکەوە سەرۆکی پەرلەمان دەچوو بۆ لای حکومەت کۆبوونەوەی دەکرد.

-کاتێك داوای ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکرد ئامادە نەبوون بچنە پەرلەمان و هیچ ئیجرائاتێکیش نەکرا.

-سەرۆکی پەرلەمان لە بری ئەوەی خۆی بڕیاربدات و پەرلەمان وەك دامەزراوە هەنگاوی یاسایی بنێت بۆ کارکردن لەسەر دەستور و پرسە چارەنوسسازەکان، کەچی بە بیانووی ئەمەوە دەرگە بەدەرگەی هەموو حزبەکان گەڕاو هیچیشی نەکرد.

-کاتێك بڕیاری دەرکرد و وەزارەتی داد لە وەقائیعی کوردستان بۆی بلاونەکردەوە، بێدەنگیی هەڵبژارد و هیچ هەنگاوی نەنا.

-کاتێك بڕیارێکی دەرکرد و رێگریی لە پەرلەمانتاران کرد پرۆژەکان بەسەر بکەنەوە، گومانی خستە سەر پەرلەمانتاران و لە ئەرکێکی پەرلەمانی بێبەشی کردن کە پەیرەو بۆی دیاریکردوون.

-لەبری ئەوەی بەپێی پەیرەو بانگهێشتی وەزیرەکان و سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکات بۆ لێپێچینەوە، کەچی دەڵیت داوا لە وەزیرەکان دەکەین بێن بۆ پەرلەمان خۆیان خاڵی بکەنەوەو قسەی خۆیان بکەن! ئەمەش بچوك کردنەوەی پەرلەمانە لەبەرامبەر دەسەلاتی جێبەجێکردندا، ئەمەش لەو رۆژەوە دروستبوو کە سەرۆکی پەرلەمان چوو بۆ ئەنجومەنی وەزیران کە لە کولتوری پەرلەمانیدا نەبووە، لەو رۆژەوە دروستبوو کاتێك لەلایەن ئەندامانەوە داوای بانگهێشتی وەزیرەکان دەکرا کەچی سەرۆکی پەرلەمان وتی وەزیرەکان نایەن بۆ پەرلەمان چیان لێبکەم خۆ پۆلیسیان بۆ نانێرم! لەو رۆژەوە دروستبوو کە ئیمزای پێویست کۆکرابوویەوەو داوای لێپرسنەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کرابوو لەبری ئەوەی بەپێی پەیرەو ئامادەبێت و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، کەچی سەرۆکی پەرلەمان پرساندنەکەی نەخستە بەرنامەی کار و وەك میوانداری خستیە بەرنامەی کار و سەرۆکی حکومەت چووە پەرلەمان و ئەو پەرلەمانی محاسەبەکرد!

**-سەرۆکی پەرلەمان خاوەنی بەڵێنەکانی خۆی نەبوو:**

سەرۆکی پەرلەمان هەمیشە بەڵێنی داوەو بەلام لەئاستی جێبەجێکردندا لاواز بووە، یا خاوەنی بەلێنەکانی خۆی نەبووە، بۆ نمونە:

-لە دانیشتنی کردنەوەی خولی پاییزە لە (٢٠٢١/٩/١) دا سەرۆکی پەرلەمان بەڵێنی دا لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر پرۆژەیان لەسەر کەڵەکە بووە و پێویستی یاساییش هەیەو دەبێت دەربچوێنرێن، هەر بۆیە بەپێی مادەی (٥١)ی پەیڕەو کە هاتووە هەموو رۆژانی (سێشەممە و چوار شەممە) پەرلەمان کۆدەبێتەوە بۆ دەرچواندنی یاسا و رۆژانی (پێنج شەممە)ش بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەت، کەچی نەك هەر ئەوەی نەکرد و بەڵێنەکەی بەجێنەهێنا بەڵکو ژمارەی کۆبوونەوەکانی کەمتر کردەوە.

- لە دانیشتنی کردنەوەی خولی بەهارە لە (٢٠٢٢/٣/١) دا سەرۆکی پەرلەمان سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: "سەرجەم هێزە سیاسییەکان و فراکسیۆنەکانی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە هەڵبژاردن لە وادەی یاسایی خۆیدا ئەنجام بدرێت و پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێت، بۆیە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە کە کاری لێبڕاوانە بۆ ئەنجامگەیاندنی ئەم هەڵبژاردنە لە کاتی خۆیدا بکات، لە ڕێی نەهێشتن و چارەسەرکردنی سەرجەم ئەو ئاستەنگانەی دەبنە لەمپەر لەبەردەم پرۆسەکە و بە دیاریکراوی ئاستەنگە یاسایی و تەکنیکییەکان". کەچی نەك ئەر ئەو کارەی نەکرد بەڵکو لەو کاتە هەستیارەدا پەکی دانیشتنەکانی پەرلەمانی خست.

**سەرۆکی پەرلەمان هەمان لێدوانەکانی ئینستتیوتی پەی دووبارە کردەوە:**

سەرۆکی پەرلەمان دانی نا بەو هەلانەی ئینستتیوتی پەی لە ڕاپۆرتەکانیا باسی کردبوو:

ئینستتیوتی پەی چوار ساڵە لە ڕاپۆرتەکانیدا جەختی لە هەڵەو کەموکوڕییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی کردۆتەوەو خستونیەتە روو، بەلام سەرۆکی پەرلەمان لەبری گوێگرتن و ڕاستکردنەوەیان ڕێگری لە ڕێکخراوەکەمان کردووە. کەچی تازە بەتازە کە کۆتایی تەمەنیەتی ناڕاستەوخۆ هاتووە دان بە بەشێکیاندا دەنێت، لەوانە:

-ئێمە هەمیشە نوسیومانە کە دەستەی سەرۆکایەتی کات بەفیرۆ دەدات و بەپێی پەیرەو کۆبوونەوەکان ئەنجام نادات. کەچی تازە سەرۆکی پەرلەمان هاتووەو دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت "زۆرینەی کات پەرلەمان بێئیش بووە و بەشێکی زۆری تەمەنی پەرلەمان بەبێ ئیش بەفیڕۆچووە".

-ئێمە هەمیشە نوسیومانە کە لیژنەکان سستن و بە ئەرکی یاسایی و پەیرەوی خۆیان هەڵنەستاون، کەچی تازە سەرۆکی پەرلەمان هاتووەو دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت "لیژنەکان وەك پێویست نەبوون".

-ئێمە چوار ساڵە باس لەوە دەکەین کە هەرچوار دەستە سەربەخۆکە تەمەنی یاسایی سەرۆك و کۆمسیارەکان بەسەرچووەو ئەمەش کارێکی نایاساییەو لەمپەرە لەبەردەم ئەنجامدانی کارەکانیان، کەچی تازە سەرۆکی پەرلەمان هاتووەو دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت "دەستەکان بەسەر چوونە".

-ئێمە چوار ساڵە باس لەوە دەکەین کە ئەو یاسایانەی پەرلەمان دەریکردوون لەلایەن دەسەلاتی جێبەجێکردنەوە پێشێل دەکرێن و ئەرکی پەرلەمانە بەدواداچونیان بۆ بکات، کەچی تازە سەرۆکی پەرلەمان هاتووەو دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت "دەسەلاتی جێبەجێکردن یاسای پێشێلکردووە".

**کۆتایی:**

پەرلەمانی کوردستان تاکە دامەزراوەی شەرعیی خەڵکی کوردستانە کە گوزارشت لە سەرجەم هاوڵاتیانی هەرێم بکات، بۆ پاراستن و بەرز ڕاگرتنی ئەم دامەزراوەیە پێویستە ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەری دەکرێت لەلایەن هێز و لایەنە سیاسیەکانەوە، لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە ڕابگیرێت، و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەست لە پێشێلکاریی پەیرەو هەڵبگرن و هیچیتر یاسا پێشێل نەکەن و بەکردار بە ئەرکی یاسایی خۆیان هەڵسن، لەهەمان کاتدا پێویستە هەڵبژاردنەکانی لەوادەی خۆیاندا ئەنجام بدرێن و ئیتر نەریتی دواخستن و درێژکردنەوە کۆتایی پی بهێنرێت.

لەگەل رێزدا

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**
**٢٠٢٢/٩/١٠**